ئوسترالیا باییزی ئیران لە وەاتەکەی دەردەکات

ئەمڕۆ سەشەممە، ئوسترالیا بریاریدا ، باییزی ئیران لە کانبەرا دەربکات، بەبیانوی ئۆوەی تاران دو هێرشی دژە جولەکەی لە شارەی گەورەکانی سیدنی و مێلبۆرن ئەنجامداوە.

ئەنتۆنی ئەلبانیز سەرۆك وەزیرانی ئوستراليا لە میانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا وتی، "ئەمانەی کردەوەی ناوازەی و جددی دەستدرێژیکارانەی بون کە دەوڵەتێکی بیانی لەسەر خاکی ئوسترالیا ئەنجامیداون، ئەوانەی هەوڵێك بون بۆ تێکدانی یەکگرتویی کۆمەڵایەتی و چاندنی ناتەبایی لە کۆمەڵگاکەماندا".

ئاماژەی بەوەشکرد، ئوسترالیا بڕیاری داوەی کارەکانی باییزخانەی وەاتەکەی لە تاران ڕابگرێت و سەرجەم دیپلۆماتکارەکانی لە وەاتی سێیەمدا سەلامەتن، حکومەتی ئوسترالیا سوپای پاسدارانی ئیرانیش وەك ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دیاریدەکات.